لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

# چەند سەرباسێك

## لە فەرموودە ڕاست ودروستەکانی

## پێغەمبەری خوا

﴿صلى الله عليه وعلى آله وسلم﴾

کۆ کردنەوەو ئامادەکردنی

**باوکی حارث**

٢٠٠٩-٢٠١٠

## ٤٦ تاوانی ڕەسم گرتن

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفسا فيعذبه في جهنم ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( هەموو ڕەسم کەرێك =گرێك= لە ئاگرە لە بری هەر ڕەسمێکی کردویەتی =گرتویەتی و دروستی کردووە= نەفسێکی بۆ ئەهێنن جا سزای ئەدا لە جەهەننەم ).

قال ابن عباس فإن كنت لا بد فاعلا فاصنع الشجر وما لا نفس له واتە : ( ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێ فەرمووی : جا ئەگەر هەر ڕەسمت دروست کرد ئەوە ڕەسمی دارو شتی وا بکە کە نەفسی نەبێ =روح لە بەر نەبێ= ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( أشد الناس عذابا يوم القيامة رجل قتل نبيا أو قتله نبي أو رجل يضل الناس بغير علم أو مصور يصور التماثيل ) صحيح الجامع ١٠٠٠ واتە : ( توند ترین سزا لە ڕۆژی قیامەت بۆ پیاوێکە پێغەمبەرێکی کوشتبێ یان پێغەمبەرێك ئەوی کوشتبێ یان پیاوێك خەڵکی گومڕاو لاڕێ بکا بە بێ زانست یان ڕەسم کەرێك کە ڕەسمی بتەکان ئەکا ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن أشد الناس عذابا يوم القيامة المصورون ) رواه البخاري ومسلم واتە : (توند ترین سزا لە ڕۆژی قیامەت بۆ کەسانی ڕەسم کەرن ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا تدخل الملائكة بيتا فيه كلب ولا صورة ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( فریشتەکان =مەلائیکەت= ناچنە ماڵێکەوە کە سەگ و ڕەسمی تێدا بێت ) .

وە هاتووە لە علي خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( صنعت طعاما فدعوت رسول الله صلى الله عليه وسلم فجاء فرأى في البيت تصاوير فرجع [ قال : فقلت : يا رسول الله ما أرجعك بأبي أنت وأمي ؟ قال : إن في البيت سترا فيه تصاوير وإن الملائكة لا تدخل بيتا فيه تصاوير ] ) رواه ابن ماجه وأبو يعلى في " مسنده " والزيادة له بسند صحيح (اداب الزفاف للالباني) واتە : ( خواردنێکم دروست کرد جا پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وعلى اله وسلم بانگ کرد ئینجا هات و ڕەسمی بینی لە ماڵەکە جا گەڕایەوە =نەهاتە ژوور= علی خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : جا ووتم ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم چی تۆی گەڕاندەوە دایك و باوکم بەقوربانت بن ؟ =پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم= فەرمووی : لە ناو ماڵەکە پەردەیەك هەیە ڕەسمی تێدایە وەبە تەئکید فریشتەش ناچێتە ماڵێکەوە کە ڕەسمی تێدا بێت ) .

( وعن حيان بن حصين قال قال لي علي رضي الله عنه ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم ألا تدع صورة إلا طمستها ولا قبرا مشرفا إلا سويته ) رواه مسلم وأبو داود والترمذي واتە : ( لە حیان ی کوڕی حصین ووتی علی خوا لێی ڕازی بێ پێی ووتم : ئایا نەت نێرم بەوەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم منی بۆ ڕەوانە کرد =ڕایسپاردم= بەوەی کە هیچ ڕەسمێك نەهێڵیەوە ئیللا ڕەشی بکەیەوە وە هیچ قەبرێکی بەرز نەهێڵیەوە ئیللا ڕاستی بکەیتەوە =نەوی بکەیتەوە=) .

## له سوودەکانی ئەم فەرموودانە

١- بۆمان دەرکەوت کە هەڕەشەی زۆر گەورە هەن لە سەر کەسێ ڕەسم بکات و بیگرێ بەوەی ئەچێتە ئاگر و سزا دەدرێ وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ڕایگەیاندووە کە ئەوەی ڕەسم بکات و بیگرێ توشی توند ترین سزا ئەبێ لە ڕۆژی قیامەت ! بێگومان ئەوە بەڵگەیە کە ئەمە تاوێنێکی گەورەیە نابێ بە شتێکی بچوك و ئاسانی بزانین !.

٢- بۆمان دەرکەوت کە فریشتە =مەلائیکەت= ناچنە ماڵێك کە ڕەسم یان سەگی تێدا بێت .

٣- لە قسەی ابن عباس بۆمان دەر ئەکەوێ کە ئەو هەڕەشەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە ڕەسمی مرۆڤ و گیان لەبەر ئەکێشن و ئەیکەن نەك هی دارو مەنزەری تر .

٤- زانیمان کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەچۆتە ماڵێکەوە کە ڕەسمی تێدا بێ ئەگەر بانگیش کرابێ بۆ نان خواردن کە واجبە وەڵام دانەوەی بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەسم لەو ماڵە بووە نەچووەتە ژوورەوەو گەڕاوەتەوە .

٥- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێ کردوین بە ڕەش کردنەوەی ڕەسم بەتایبەتی ئەو کەسانەی دەسەڵات دارن لە سەریانە بەم کارە هەڵبستن .

وە چەندین سوودی تر هەیە لە فەرموودەکان بۆ کەسێك بیری لێ بکاتەوە والله اعلم .

## تێبینیەکی گرنگ

دیارە بۆمان دەرکەوت کە تاوانی ڕەسم چەندە گەورەیە ئەوەندە فەرموودەش بەسە بۆ کەسێك ژیر بێ ، بەڵام شتێك گرنگە بۆ بیر خستنەوە کە ڕەسم جیاوازی نیە بەدەست بکرێ یان بە کامێرای فۆتۆغراف یان کامێرای ڤیدیۆ یان کامێرای مۆبایل و تەلەفۆن ئەو هەڕەشانە هەموو جۆرە ڕەسمەکان ئەگرێتەوە تەنها ئەو ڕەسمانە نەبن کە بەکار دێت بۆ هەویەو نفوس لە بەر زەرورەت ڕێگای پێ ئەدرێ ، وە ئەگەر پێویست بێ ئاسایش و شورتە ڕەسمی موجریم و بەت کاران بگرن بۆ ئەوەی خەڵکیان لێ ئاگادار بکەنەوە ئەوەش لە بەر زەرورەت ڕێگای پێ ئەدرێ ، وە ئەگەر زەروریش بێ بۆ خوێندن تا لەسەری فێری زانست بیت کە بە ڕەسم نەبێ ناکرێ فێربونی ئەوەش ڕێگای پێ ئەدرێ بە قەد ئەوەی زەرورە ، وە ڕێگا دراوە بۆ مناڵ کە یاری بوکە شوشە بەکار بێنێ عائیشە دایکی ئیمان داران خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( انها کانت تلعب بالبنات عند رسول الله صلی الله علیه وعلی اله وسلم ) رواه مسلم واتە : ( یاری ئەکرد بە بووك لە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ) .

## کۆمەڵگەی ئێمەو ڕەسم

بەداخەوە کەم ماڵ هەیە ڕەسمی تیا هەڵنەواسرابێ ! وە بووە بە هونەرمەند و پاداشتی ئەدرێتەوە ئەوەی بت دروست ئەکا ! وە کەم شوێن هەن کە بتی تیا دروست نەکرابێ لە شوێنە گشتیەکان و ناو بازاڕەکان !وە بووە بە عەیب ئەگەر شایی و ژن گواستنەوە ڕەسمی تیا نەگیرابێ ! وە بووك و زاوا بە ڕەسم ژیانیان دەست

پێ ئەکەن ! لە هەمووی خەفەت تر ڕەسمی مەلاو سەرکردەی حیزبە بەناو ئیسلامیەکان لە بازاڕا بفرۆشرێ !!! وە لەسایتەکانی ئەنتەرنێت بڵاو بکرێتەوە و لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانا ببینرێ ! بە خۆیان و خێزانیشیان !!! ئەوە ئەگەر حاڵی ئەوانەبێ کە بانگەشەی ئەوە ئەکەن بانگەواز بۆ ئیسلام ئەکەن ئەبێ ئەوانی تر چۆن بێ ؟! بەداخەوە کە بتەوێ ڕێگریش بکەیت و بڵێی تاوانە ئەکەویتە بەر تانەو تەشەرو ناوو ناتۆرەی ناڕەوا ! بەڵام ئەوە ئەڵێین کە ئەوە هەواو ئارەزوو نیە بەڵکو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئێمەش ئەیگەینین و هەر ئەوەندەیە ئیتر وەری ئەگرن یان نا ئەوە هەڕەشەکان ئەزانن ! ئیتر لە خوای گەورە ئەپاڕێینەوە کە یارمەتیمان بدات و ڕاگیرمان بکات لە سەر دینەکەمان و پێمان نەخلیسکێ و لاڕێ نەبین بە قسەی بریقەداری شەیتان و ئەوانەی دوای شەیتان ئەکەون !.

**٤٧خوا ئەم سێ شتەی پێ ناخۆشە دوای قسەی بێ بەڵگە کەوتن و ووتیان ووتیان وە ماڵ بە فیڕۆدان و زۆر پرسیار کردن**

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الله كره لكم ثلاثا قيل وقال وإضاعة المال وكثرة السؤال ) رواه البخاري واللفظ له ومسلم واتە : ( بێ گومان خوا سێ شتی بۆ ئێوە پێ ناخۆشە ووتراوەو ووتی وە بە فیڕۆ دانی ماڵ وە زۆر پرسیار کردن ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( آمركم بثلاث و أنهاكم عن ثلاث ، آمركم أن تعبدوا الله و لا تشركوا به شيئا و تعتصموا بحبل الله جميعا و لا تفرقوا و تطيعوا لمن ولاه الله عليكم أمركم . و أنهاكم عن قيل و قال و كثرة السؤال و إضاعة المال ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٦٨٥ واتە : ( فەرمانتان پێئەکەم بە سێ شت وە نەهیتان لێ ئەکەم لە سێ شت ، فەرمانتان پێئەکەم خوا =بە تەنیا= بپەرستن= وە هیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێن وە دەست بگرن بە دینی خوا هەمووتان وە لەیەك جیا نەبنەوە=تەفرەقە نەکەن= وە گوێڕایەڵیتان هەبێ بۆ ئەوەی خوا ئەمری ئێوەی ئەخاتە دەست =ئەبێتە سەرۆکتان سەرۆکی وڵاتتان= . وە نەهیتان لێ ئەکەم لە ووتراوەو ووتی وە زۆر پرسیار کردن وە بە فیڕۆ دانی ماڵ ) .

**لە سوودەکانی ئەم دوو فەرموودە**

١-خوای بەرز ئاگاداری کردوینەتەوە لە هەرچی شتێك زیانی دینی یان دونیاییمان پێ بگەیەنێ ئەوەش فەزڵ و ڕەحمەتی خوامان زیاتر بۆ دەر ئەخات بەسەر مرۆڤەکان .

٢-خوای بەرز پێی ناخۆشە ئێمە دوای ووتیان و ووتراوە بکەوین بێ ئەوەی دڵنیا بین و بەڵگەمان هەبێ .

٣-هەر وەها خوای بەرز پێی ناخۆشە کەسێ ماڵ بە فیڕۆ بدات بەوەی زیادە ڕۆیی و زێدە ئیسراف بکات یان ماڵی خۆی لە ناو بەرێ بە هەر ڕێگایەك.

٤–وه خوای بەرز پێی ناخۆشە کەسێ زۆر پرسیار لە خەڵکی بکاو داوایان لێ بکات چ داوای ماڵ یان پرسیاری تریش لە دین یان لە دونیا کە پێویست نەبێت و پەیوەندی بەو نەبێ !.

دەبا ئاگادار بین بەدوای قسەو قسەلۆك و ووتیان و بیستمان نەکەوین دوای شتێ بکەوین و بیگێڕینەوە کە لێی دڵنیاین و بەڵگەمان هەیە لە سەر ڕاستیەکەی بە تایبەتی شتێك بەناوی دینەوە نەڵێین تا دڵنیا ئەبین کە لە دین دایەو بەڵگەکەی ئەزانین پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( كفى بالمرء كذبا أن يحدث بكل ما سمع ) رواه مسلم واتە : ( ئەوەنە تاوانەی درۆ بەسە بۆ مرۆڤ کە هەرچی بیبیستێ بیگێڕێتەوە ) .

وە با واز بێنین لەو ڕەوشتە ناشیرینە کە زۆر پرسیار بکەین لەو شتانەی پەیوەندی بە ئێمەوە نیە با لە شتی خەڵکی نەکۆڵینەوە ئەمەت لە کێ بوو یان بەچەندت کڕی یان چۆنت پەیدا کرد یان ئەم میوانە کێ بوو بۆ هاتبوو معاشت چەندە ئیتر ئەو پرسیارانە کە هەندێ کەس لێی بووە بە نەخۆشی حەز ئەکا هەموو شتێکی خەڵك بزانێ ! وە ئاوهاش لە باسی دین و هەموو باسێك کە پەیوەندی بە ئێمەوە نەبێ با پرسیاری لێ نەکەین و لێی نەکۆڵینەوە پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه) صحيح الجامع ٥٩١١ واتە : ( لە جوانی ئیسلامەتی کەسێك ئەوەیە کە واز بێنێ لەو شتەی پەیوەندی بەو نیە ) .

**( ٤٨ ) هەزار حەسەنە =چاکە= بکە لە ڕۆژێك بەڵکو بە چەند چرکەیەك ملیارەها حەسەنە بکە!!!**

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( أيعجز أحدكم أن يكسب كل يوم ألف حسنة فسأله سائل من جلسائه : كيف يكسب أحدنا ألف حسنة ؟ قال : يسبح مائة تسبيحة فيكتب له ألف حسنة أو يحط عنه ألف خطيئة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٦٠٢ واتە : ( کەسێك هەیە لە ئێوە نەتوانێ لە هەموو ڕۆژێك هەزار چاکە=حسنة= بەدەست بێنێ؟ پرسیارکەرێ لە مەجلیسەکەی پرسیاری کرد : چۆن یەکێك لە ئێمە هەزار چاکە بەدەست دێنێ ؟ = پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم= فەرمووی : سەد تەسبیح بکاتن =سەد جار بڵێ سبحان الله= ئەوە هەزار چاکەی بۆ دەنوسرێ یان هەزار گوناهی لێ ئەوەرێ =ڕەش ئەبێتەوە=) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من استغفر للمؤمنين و للمؤمنات كتب الله له بكل مؤمن و مؤمنة حسنة ) صحيح الجامع ٦٠٢٦ واتە : ( کەسێك استغفار =داوای لێخۆشبوون و داپۆشینی گوناهان بکات لە خوا= بۆ بڕواداران پیاوانیان و ئافرەتانیان ئەوە لە بری هەر ئافرەتێك و پیاوێکی بڕوادار چاکەیەکی بۆ دەنوسرێ ) .

دە خوشك و برا بەڕێزەکان بزانن چەندە ئاسانە ئەو هەموو چاکەیە بەکاتێکی کەم دەستمان ئەکەوێ تۆ ئەزانی لەوەتەی دونیا هەیە تا کۆتایی دونیا چەند بڕوادار هەن کە دوعایان بۆ ئەکەیت بەقەد ژمارەی هەمویان چاکەت بۆ ئەنوسرێ! ئەی چ زەحمەتیەك ئەبینی لەوەی لە ڕۆژێك هەزار چاکە مسۆگەر بکەیت بە ووتنی سەد

جار سبحان الله! ؟ دەبێ چەندە هەزاری و بەڵکو چەندە ملیار چاکەمان لە دەست چووبێ! ؟ هیوادارم پاش ئەوەی ئەم دوو فەرموودە ئەخوێنیتەوە کاری پێ بکەیت و بڵاوی بکەیتەوە لە ناو موسڵمانان تا بەشدار بیت لە پاداشتی بڵاو کردنەوەی داوا لە خوای بەرز ئەکەم لە من و هەموو برواداریکی پیاوو ئافرەت خۆش بێتن و غەل و غەش لە دڵمانا نەبێ بەرامبەری بڕوادار .

### ( ٤٩ ) تاوانی کەسێ جیماع بکا لە گەڵ خێزانی لە کاتی عادەی مانگانەی یان لە دواوە جیماعی لە گەڵ بکات

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لا ينظر الله عز وجل إلى رجل أتى رجلا أو امرأة في دبرها) صحيح الترغيب والترهيب ٢٤٢٤ واتە : ( خوای عز وجل سەیری پیاوێ ناکا کە ئەچێتە لای پیاوێك یان ئافرەتێك لە دواوەی ) .

وە لە فەرموودەکی تر پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەربارەی ئەوەی ئەچێتە لای خێزانی لە کۆمەوە ئەفەرموێ : (هي اللوطية الصغرى) صحيح الترغيب والترهيب ٢٤٢٥ واتە : ( ئەوە لوطي بچووکە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (استحيوا فإن الله لا يستحيي من الحق ولا تأتوا النساء في أدبارهن ) صحيح الترغيب والترهيب ٢٤٢٦ واتە : ( شەرم بکەن بە تەئکید خوا شەرم لە حەق ناکات وە مەچوونە لای ئافرەتان لە دواوەیان ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (ملعون من أتى امرأة في دبرها ) صحيح الترغيب والترهيب ٢٤٣٢ واتە : ( لەعنەت لێکراوە ئەو کەسەی بچێتە لای ئافرەتێك لە دواوەی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أتى حائضا أو امرأة في دبرها أو كاهنا فصدقه كفر بما أنزل على محمد صلى الله عليه وسلم ) صحيح الترغيب والترهيب ٢٤٣٣ واتە : ( ئەوەی بچێتە لای ئافرەتێك کە لە حەیز=سوری مانگانە=دایە یان بچێتە لای ئافرەتێك لە دواوەی یان بچێتە لای فاڵچیەك و بە ڕاستی بخاتەوە ئەوە کوفری کردووە بەوەی دابەزیوەتە سەر موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم ) .

بۆمان دەرکەوت کە چوونە لای ئافرەت لە دواوە یان لە کاتی عادەی مانگانەی تاوانێکی گەورەیە لەبەر ئەوە با خۆمانی لێ بپارێزین و دوای ڕەوشت نزمان نەکەوین! وە با شەرمیش نەکەین ئەو حوکمانە بە خەڵکی دەورو بەرمان بناسێنین تا خۆیان لەو تاوانە بپارێزن خوای بەرزیش هەموو لایەك بپارێزێ وە ئەوەش بزانین واجبە لەسەرمان مناڵەکانمان کاتێ ژن دێنن یان شوو ئەکەن فێری ئەو حوکمانە بکەین ئەگینا ئێمەش بەشدار ئەبین لە تاوانەکەی.

### ( ٥٠ ) تاوانی ڕەنگ کردنەوەی قژ و ڕیش بە ڕەنگی ڕەش بۆ پیاوان و ئافرەتان

(عن جابر قال : أتي بأبي قحافة يوم فتح مكة ورأسه ولحيته كالثغامة بياضا فقال النبي صلى الله عليه وسلم : " غيروا هذا بشيء واجتنبوا السواد " ) رواه مسلم واته : ( له لەجابر خوا لێی ڕازی بێ فەرمووی : ابو قحافة =باوکی ابو بکر الصدیق خوا لێی ڕازی بێ= یان هێنا له ڕۆژی فەتحی مەککه سەرو ڕیشی وەك ثغامة =گوڵێکی سپیه= سپی بوو جا پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەمه =ئەم سپیه= بگۆڕن به شتێ =به ڕەنگێ= وه دوور کەونەوه له ڕەش =بەکاری مەهێنن=) .

لەم فەرمووده بۆمان دەرکەوت یەکەم : ڕەنگی سپی فەرمانمان پێکراوه بیگۆڕین دووەم : نابێ ڕەنگی ڕەش بەکار بێنین .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن اليهود و النصارى لا يصبغون فخالفوهم ) متفق عليه واته ( جولەکەو دیانەکان ڕەنگ ناکەنەوه ئێوه پێچەوانەیان بکەن ) .

ئەمەش زیاتر هانمان ئەدات که بزانین موخالەفەی جولەکەو دیانەکان له سەرمانه ئەوانیش ڕەنگ ناکەن ئێمه دەبێ ڕەنگ بکەینەوه بەڵام نابێ ڕەش بەکار بێنین .

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (يكون في آخر الزمان قوم يخضبون بالسواد كحواصل الحمام لا يريحون رائحة الجنة .) صحيح الجامع ٨١٥٣ واته : ( له ئاخیر زەمەنا قەومێك پەیدا ئەبن ڕەنگ ئەکەنەوه =سەرو ڕیشیان= به ڕەنگی ڕەش وەك سینگ و هەناوی کۆتر ئەوانه بۆنی بەهەشت ناکەن ) .

ئەو فەرموودەش بۆمان دەر ئەخا که بەکار هێنانی ڕەنگی ڕەش تاوانێکی گەورەیه چونکه هەڕەشەی لێکراوه به بۆن نەکردنی بەهەشت! زۆر کەس هەن ڕقیان ئەبێتەوه له مووی سپی له جیاتی ئەوەی ئەو سوننەته بەکار بێنن ڕەنگی کەنەوه دەچن دەری دەهێنن ئەمەش کارێکی نەشیاوه چونکه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لا تنتفوا الشيب ما من مسلم يشيب شيبة في الإسلام إلا كانت له نورا يوم القيامة .) صحيح الجامع ٧٤٦٣ واته : ( مووی سپی هەڵمەکێشن هیچ موسڵمانێك نیه که مووێکی سپی ئەکات له ئیسلاما ئیللا بۆی ئەبێته نور =ڕوناکی= له ڕۆژی قیامەت ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الشيب نور المؤمن ، لا يشيب رجل شيبة في الإسلام إلا كانت له بكل شيبة حسنة و رفع بها درجة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٢٤٣ واته : ( مووی سپی نوری =ڕوناکی= موسڵمانه ، پیاوێك نیه مووێك سپی بکات له ئیسلام ئیللا به هەر مووێك سپی کردووه له ئیسلام چاکەیەك =حسنة= ی بۆ هەیه وه پلیەك پێی بەرز ئەبێتەوه ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الشيب نور في وجه المسلم ، فمن شاء فلينتف نوره ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٢٤٤ واته : ( مووی سپی نور =ڕۆناکیه= له ڕووی موسڵمان ، جا کەسێك ئەیەوێ با نورەکەی هەڵکێشێ ) .

لەم فەرموودانەش بۆمان دەرکەوت کە موسڵمان بە سپی کردنی مووی سەرو ڕیشی لە ئیسلام بەقەد ئەو موانە چاکەی بۆ ئەنوسرێ وە پلەی بەرز ئەبێتەوە لای خوای بەرز لە بەر ئەوە نەکەین مووی سپی قەڵسمان بکات بەڵکو با دڵ خۆشمان بکات و نەکەین حەز بە نەبوونی نور بکەین!

**شتێکی گرنگ**

لەو باسەو هەر باسێکی تری شەرعی فەرق نیە لە بەینی ئافرەت و پیاو وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (إنما النساء شقائق الرجال ) سلسلة الاحاديث الصحيحة **٢٨٦٣** واتە : ( بە تەئکید ئافرەتان وەك پیاوانن ) . کەس ناتوانێ ئافرەتان لە حوکمێکی شەرعی جیا بکاتەوە لە پیاوان مەگەر بەڵگە هەبێ کە ئەم حوکمە تایبەتە بۆ پیاو یان تایبەتە بۆ ئافرەت ئەگەر ئەوە تێبگەین ئیتر ئەبێ بزانین ئافرەتان وەك پیاوان بۆیان هەیە بەڵکو فەرمانیان پێ کراوە بە گۆڕینی ڕەنگی سپی سەریان بەڵام نابێت ڕەش بەکار بێنن نەهی و هەڕەشەی بەکار هێنانی ڕەنگی ڕەش ئافرەتانیش ئەگرێتەوە وەك پیاوان لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئافرەتان ئەتوانن ئەو ڕەنگانەی ئێستا لە ئارایشگاکان هەیە بەکار بێنن؟

وەڵامەکەی بەڵێ ئەتوانن بەو مەرجەی ڕەنگی ڕەش بەکار نەهێنن وە خۆیان نەچوێنن بە جولەکەو دیانەکان چونکە پێشتر بینیمان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێ کردین بە موخالەفەی جولەکەو دیانەکان وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (من تشبه بقوم فهو منهم ) صحيح الجامع ٦١٤٩ واتە : ( ئەوەی خۆی بە قەومێك بچوێنێ ئەوە لەوانە ) . لەبەر ئەوە با ئاگادار بین لەوەی خۆمان بە کافرو فاسقان بچوێنین! بەڵام ئافرەتان دەتوانن قژیان ڕەنگ بکەن بۆ پیاوەکانیان ئەگەر قژیان سپی بوو ئەوە فەرمانیان پێکراوە ڕەنگی بکەن ئەگەریش سپی نەبوو هەر حەڵاڵە بەڵام نەکەن ڕەش بەکار بێنن والله اعلم .

**چاکترین شت ڕەنگی سەرو ڕیشی پێ بگۆڕی خەنەو کەتەم**

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (**إن أحسن ما غير به هذا الشيب الحناء و الكتم** ) سلسلة الاحاديث الصحيحة **١٥٠٩** واتە : ( بە تەئکید چاکترین شت ئەو ڕەنگە سپیەی پێ بگۆڕدرێ خەنەو کەتەم =وەسمەیە= ) . لەو فەرموودەی بۆمان دەردەکەوی کە باشترین ڕەنگ بۆ گۆڕینی ڕەنگی سپی لە سەرو ڕیش خەنەو وەسمەیە کە خەنە ڕەنگی سوری هەیە وەسمە ڕەنگی ڕەش بەڵام تێکەڵی بکەی ڕەنگێك دەر ئەچێ لە بەینی سۆرو ڕەش ئەوە چاکترینە کەوابێ هەم پیاوەکان هەم ئافرەتان ئەوە بەکار بێنن لە هەمووی باشترە هەتا بۆ پاراستنی تەندروستی قژو سەریش بەڵام دروستە ڕەنگی تریش بەکار بێنن تەنها ڕەش نەبێت والله اعلم .

**( ٥١ ) گرنگی ئیسلام بە خۆ جوان کردن و پاك و خاوێنی !**

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ (٢٢٢)﴾ البقرة واتە : ( بە تەئکید خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ زۆر تەوبە ئەکەن وە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ خۆیان پاك ئەکەنەوەو خۆیان پاك ڕا ئەگرن ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ (٤)﴾ المدثر واتە : ( وە جلەکانت پاك بکەوە لە پیسی ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( الطهور شطر الإيمان ) رواه مسلم واتە : ( پاکی =دەست نوێژ و پاکی= نیوەی ئیمانە ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( طهروا أفنيتكم فإن اليهود لا تطهر أفنيتها سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٣٦ واتە : ( بەردەرگاو حەوشەتان پاك بکەنەوە چونکە جولەکە بەردەرگاو حەوشی خۆیان پاك ناکەنەوە ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( حبب إلي النساء والطيب وجعلت قرة عيني في الصلاة ) رواه النسائي وصححه الالباني واتە : ( خۆشەویست بووە لام ئافرەت و بۆنی خۆش وە چاو گەشیم و حەسانەوەم و ئۆقرەی چاوم لە نوێژە ).

دیارە ئەبینین ئافرەت خۆشەویستە لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەروەها بۆنی خۆش .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( عَشْرٌ مِنْ الْفِطْرَةِ قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ وَقَصُّ الْأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَنَتْفُ الْإِبِطِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ قَالَ زَكَرِيَّاءُ قَالَ مُصْعَبٌ وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ ) رواه مسلم واتە : ( دە شت لە فیترەتە سمێڵ کورت کردن وە ڕیش هێشتنەوە وە سیواك کردن وە ئاو هەڵمژین بە لووت=پاك کردنەوەی ناو لوت= وە نینۆك کردن وە شۆردنی پەنجەو کەلێنی پەنجەو مەفسەڵەکان وە هەڵکێشانی مووی بن باڵ وە تاشینی مووی سەر عەورەت وە خۆ پاك کردنەوە لە کاتی بچیە سەر ئاو بە ئاو زەکەریا ئەڵێ موسعەب ئەڵێ =کە ڕاویە= : دەیەمم لە بیر چووە ئیللا ئەگەر ئاو لەدەم وەردان بێت).

ئەمانەش ئەوپەڕی پاراستنی پاك و خاوێنیە بێگومان .

وە هاتووە لە عائیشە خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێت : ( أن امرأة من الأنصار سألت النبي صلى الله عليه وسلم : عن غسلها من المحيض فأمرها كيف تغتسل قال : " خذي فرصة من مسك فتطهري بها " قالت كيف أتطهر قال " تطهري بها " قالت كيف قال " سبحان الله تطهري " فاجتبذتها إلي فقلت تتبعي بها أثر الدم ) متفق عليه واتە : ( ئافرەتێك لە ئەنساریەکان پرسیاری کرد لە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : دەربارەی غوسل دەرکردنی لە سوڕی =عادەی= مانگانەی جا پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێکرد چۆن غوسل دەرکات و فەرمووی : پارچە لۆکەیەکی بە مسك =بۆن= بگرەو خۆتی پێ پاك بکەوە ئافرەتەکە ووتی : چۆن خۆم پێ پاك بکەمەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : سبحان الله خۆت پاك

بکەوە عائیشە ئەفەرموێ : ئافرەتەکەم بۆ خۆم ڕاکێشا پێم ووت بە شوێنی خوێنەکەی دابێنە =شوێنی خوێنەکەی پیێ پاك بکەوە=).
وە هاتووە لە جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : " أتانا رسول الله صلى الله عليه وسلم ( زائرا في منزلنا ) فرأى رجلا شعثا قد تفرق شعره فقال : " أما كان يجد هذا ما يسكن به شعره ؟! و رأى رجلا آخر و عليه ثياب وسخة فقال : أما كان هذا يجد ماء يغسل به ثوبه ؟! " سلسلة الاحاديث الصحيحة ٤٩٣ واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاتە لامان بە سەردان بۆ ماڵمان جا بینی پیاوێك قژو سەری دانەهاتووە مووەکانی بەولاو لایا چووە جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوە ئەو پیاوە شتێکی دەست نەکەوت قژی پیێ دابێنیێ و خاوی کاتەوە =بەشانەو زەیت یان هەر شتێك= وە پیاوێکی تری بینی جلی پیسی لە بەر بوو جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوە ئەو پیاوە ئاوی دەست نەدەکەوت جلی خۆی پیێ بشوات ).
دەبینین چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕێگری لە پیسی و لە نارێکی سەرو ڕیش کردووە چونکە ئاو بە دەستی هەموو کەس دەکەوێت ئەگەر جلەکەشت کۆن بوو بەڵام پاك بێ جوانە !
پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : " من كان له شعر فيلكرمه " سلسلة الاحاديث الصحيحة ٥٠٠ واتە : (ئەوەی قژی هەبوو با ڕێزی لێبگرێ =بە داهێنان و پاك ڕاگرتنی و نەرم کردنەوەی بە زەیت=).
پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( إن الله إذا أنعم على عبد نعمة يحب أن يرى أثر نعمته على عبده ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٢٩٠ واتە : ( ئەگەر خوا نیعمەتێك =بەخششێك= بداتە بەندەی خۆی پێی خۆشە نیشانەی ئەو نیعمەتە لەسەر بەندەکەی ببینێ ) .
دەی ئەگەر خوای بەرز ماڵ و نیعمەتی پیێ بەخشیوی جلی جوان لەبەر کەو خۆت جوان کە نەك نیعمەتی خوا بشاریتەوە !
پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ قَالَ رَجُلٌ إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً قَالَ إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ ) رواه مسلم واتە : ( کەسێك ناچێتە بەهەشتەوە کە میسقالە زەررەیەك خۆ بەگەورە زانینی لە دڵ بێت پیاوێك ووتی : پیاو پێی خۆشە جلەکەی جوان بێ وە پێڵاوەکەی جوان بێت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : بە تەئکید خوا جوانەو جوانی خۆش ئەوێ خۆ بەگەورە زانی ڕەد کردنەوەی حەقەو خەڵك بە کەم زانینە ) .
سبحان الله زۆر کەس بە هەڵە تێگەیشتووە وا ئەزانی جلی جوان و خۆ جوان کردن خۆ بەگەورە زانینە ! بەڵام خوای بەرز جوانی خۆش ئەوێ خۆ بەگەورە زانی ئەوەیە کەسێ بە چاوێکی کەم سەیری خەڵك بکات و حەق وەر نەگرێت ! فەرموودەی تر گەلێك زۆرن بەڵام دەرفەتەکە ئەوەندە مەجال ئەدات .

لێرە بەو موناسەبە ئاگادارتان ئەکەمەوە لەوەی کە ئەو قسە (النظافة من الايمان) کە زۆر باوە لە ناو خەڵکی وا ئەزانن فەرموودەیە بەڵام وانیە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نیە بەڵکو هەر قسەی خەڵکە دوریش نیە ڕیوایەتی بەلەدیە بێت =دروستیان کردبێ بۆ ئەوەی بیکەنە دروشم و لەسەر جادەو وێنە گشتیەکان هەڵیواسن=! بەڵام مەعناکەی ڕاستە پێشتر بینیمان کە نەك پاك و خاوێنی هەر لە ئیمانە بەڵکو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : نیوەی ئیمانە وە زانیمان خوای بەرز ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە خۆیان پاك و خاوێن ڕا ئەگرن .

## ( ٥٢ ) تاوانی قسە کردن لەو شتەی پەیوەندی بەتۆ نەبێ

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه ) صحيح الترغيب والترهيب ٢٨٨١ واتە : ( لە جوانی ئیسلامەتی کەسێکە واز هێنانی لەو شتەی پەیوەندی بەو نیە ) .
وە هاتووە لە كعب بن عجرة رضي الله عنه : (أن النبي – صلى الله عليه وعلى اله وسلم – فقد كعباً ، فسأل عنه " فقالوا : مريض ، فخرج يمشي حتى أتاه ، فلما دخل عليه قال : أبشرْ يا كعبُ! فقالَتْ أمُّه: هنيئاً لكَ الجنَّةُ يا كعبُ ! فقال : من هذه المتألِّيةُ على الله ؟ ! قالَ : هيَ أمِّي يا رسول الله! فقال : وما يدريك يا أمَّ كعب ؟ ! لعلَّ كعباً قال ما لا يعنيه، أو منعَ ما لا يُغنيهِ ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣١٠٣ واتە : (پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم کەعبی نەبینیەوە، پرسیاری کرد دەربارەی دیار نەبونی ووتیان : کەعب نەخۆشە ، جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەرچوو ڕۆیشت هەتا هاتە لای کەعب ، جا کە چووە ژوورەوە بۆ لای فەرمووی : مژدەت لێبێ ئەی کەعب! جا دایکی کەعب ووتی : پیرۆزت بێ و نۆشی کەی بەهەشت ئەی کەعب! پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوە کێیە سوێند بەسەر خوا ئەخوا بڕیار بەسەر خوا ئەدات؟ کەعب ووتی : ئەوە دایکمە ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم! جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : تۆ چوزانی ئەی دایکی کەعب ؟! لەوانەیە کەعب شتێکی ووتبێ =قسەی لە شتێك کردبێ= کە پەیوەندی بەونیە، یان شتێکی مەنع کردبێ کە پێویستی نیەو پێی دەوڵەمەند نابێ ).
لەو فەرموودانە بۆمان دەرکەوت کە لەجوانی ئیسلامەتی کەسێك ئەوەیە واز بێنی لەو شتەی پەیوەندی بەو نەبێت وە قسە کردن لەو شتەی پەیوەندی بەتۆ نەبێت بۆی هەیە ڕێگر بێت لە چوونە بەهەشت! لەبەر ئەوە با واز لەو ڕەوشتە ناشیرنە بێنین بەداخەوە خەڵکێك هەن نەخۆشی پرسیار کردن و قسە کردنیان هەیە لەو شتانەی پەیوەندیشی بەوان نیە ! هەر نەخۆشن دەیانەوێ بزانن خەڵك چی دەکات و نهێنیەکانیان چیە
هیوادارم پاشی خوێندنەوەی ئەو فەرموودانە ئەم ڕەوشتە واز لێبێنین تەداخول بە کاری خەڵك نەکەین و قسەو پرسیار نەکەین لە شتێ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبێت.

## ( ٥٣ ) دەست نوێژ ناشكێ بە دەست بەركەوتنی ئافرەت یان ماچ كرنی خێزانت!

( عن عائشة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قبل بعض نسائه ثم خرج إلى الصلاة ولم يتوضأ ) رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وصححه الالباني واتە : ( لە عائیشەوە رضي الله عنها ئەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەندێ لە خێزانەكانی خۆی ماچ كردووەو پاشان دەرچووە بۆ نوێژ وە دەست نوێژی نەشۆردووە ) .

لەو فەرمودە بۆمان دەر ئەكەوێ كە نەك هەر ئەگەر بە بێ ئاگایی دەستت بەر خێزانت بكەوێ دەست نوێژت ناشكێ بەڵكو ئەگەر بە مەبەستیش و بە شەهوەتیش دەستت بەر خێزانت بكەوێ دەست نوێژت ناشكێ ئەگەر ماچیشی بكەی دەست نوێژ ناشكێ ئەو فەرمودەش ڕوون و ئاشكرایە .

( عن عائشة قالت : كنت أنام بين يدي رسول الله صلى الله عليه وسلم ورجلاي في قبلته فإذا سجد غمزني فقبضت رجلي وإذا قام بسطتهما قالت : والبيوت يومئذ ليس فيها مصابيح ) متفق عليه واتە : (لە عائیشەوە رضي الله عنها ئەفەرموێت : من ئەخەوتم لە پێشی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە پێیەكانم لە ڕووی قیبلەی بوو =لە شوێنی سەجدەی= جا كە سەجدەی ئەبرد بە دەستی ئاگاداری ئەكردم =دەستی لە پێم ئەدا بۆ ئەوەی پێم لادەم= جا پێیەكانم ڕائەكێشایەوەو لام ئەدا وە كە لە سەجدە هەڵدەستایەوە پێیەكانم درێژ ئەكردەوە وە فەرموی : ئەو ڕۆژانە =ئەوكات= ماڵەكان چرایان تێدا نەبوو ) .

( وعن عائشة رضي الله عنها قالت : فقدت رسول الله صلى الله عليه وسلم ليلة من الفراش فالتمسته فوقعت يدي على بطن قدميه وهو في المسجد وهما منصوبتان وهو يقول : اللهم إني أعوذ برضاك من سخطك وبمعافاتك من عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك ) رواه مسلم واتە : (لە عائیشەوە رضي الله عنها ئەفەرموێت : پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وعلى اله وسلم وون كرد لە سەر جێگا نەبوو جا گەڕام بە دوایدا دەستم بە ژێر پێی كەوت وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە سەجدە بوو لە شوێنی نوێژ كردنی پێیەكانی چەقاندبوو وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەیفەرموو : اللهم إني أعوذ برضاك من سخطك وبمعافاتك من عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك ) .

لەم دوو فەرمودەیەش زۆر بەڕاشكاوی ئەوەی تێدا دەست بەركەوتنی ئافرەت دەست نوێژ ناشكێنێ لە فەرمودەی یەكەم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە ناو نوێژ دەستی داوەتە پێی خێزانی ! لە فەرمودەی دووەم خێزانی دەستی داوەتە پێی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە ناو نوێژیش بووە لەوە بەڵگەی ئاشكرا تر نیە !

دیارە زانایان ڕای جیایان هەیە لەو باسە بەڵام حەق ئەوەیە كە ڕای ئەو زانایانە ڕاستە كە ئەڵێن بە دەست بەركەوتنی ئافرەت دەست نوێژ ناشكێ ئەگەر بە مەبەستی شەهوەتیش بێ و بە مەبەست بێ تەنانەت ماچ كردنیش! ئەوە مانای ئەوەش نیە كە ڕێزی ئەو زانایانە نازانین كە ئەڵێن دەست نوێژ ئەشكێ لە سەحابەو تابیعیەكان و زانا بەڕێزەكان بەڵكو ئەوە واجبە لە سەرمان قسەی هیچ لایەك فەرز نەكەین بەسەر لایەكی تر

وە دوای ئەوە بکەوین کە بۆمان ئەسەلمێ سابت بووە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە ئەو فەرموودانەش بۆمان دەسەلمێنێ کە تەفسیری ڕاستی ئایەتی : ﴿أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ﴾ مەبەست پێی خەوتنە لەگەڵ ئافرەت نەك تەنها دەست بەرکەوتن والله اعلم.

**( ٥٤ ) ئافرەتی حەیز دار =لەعادەی مانگانەی بێ یان نەزیفی پاش منالْ بوون= ئەتوانێ قورئان بخوێنێ و دەستی لێبدات هەر وەها ئەوەی جەنابەتی لە سەر بێ وە بڕوادار پیس نابێت و پاکە !**

دیارە ئەو باسەش گرنگە خەڵکێکی زۆر پرسیاری لە سەر ئەکەن بە تایبەتی ئافرەتان کە ئایا لە کاتی سوڕی مانگانەیان ئەتوانن دەست کەنە قورئان و بیخوێنن ؟ وە ئایا جەنابەت ڕێگرە لەوەی قورئان بخوێنیەوەو دەستی لێبدەین؟ بە پشتیوانی خوا لەم باسە وەلامی ئەم پرسیارانە ئەدەمەوە بەلام ئەبێ پێشوەختە بزانین کە زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە نابێت ! ئەگەر لەو وەلامە خیلاف ئەو زانا بەرێزانەت بینی مانای ئەوە نیە بێرێزی بێ بۆ ئەو زانایانە خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە ئێمە ئەبێ دوای بەلگە بکەوین کە بۆمان ئاشکرا بوو ئیتر ئومێد ئەکەم لە خوای بەرز سەرکەوتوم بکات بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو باسە .

عن أبي هريرة قال : لقيني رسول الله صلى الله عليه وسلم وأنا جنب فأخذ بيدي فمشيت معه حتى قعد فانسللت فأتيت الرحل فاغتسلت ثم جئت وهو قاعد فقال : " أين كنت يا أبا هريرة " فقلت له فقال : " سبحان الله إن المؤمن لا ينجس " . هذا لفظ البخاري ولمسلم معناه وزاد بعد قوله : فقلت له : لقد لقيتني وأنا جنب فكرهت أن أجالسك حتى أغتسل . وكذا البخاري في رواية أخرى واتە : ( لە ابي هريرة رضي الله عنه فەرموی : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم پێم گەیشت وە من جەنابەتم لە سەر بوو جا دەستی گرتم ولە گەڵی ڕۆیشتم هەتا دانیشت جا بە بێ ئەوەی ئاگای لێبێ ڕۆیشتم جا هاتمە شوێنی حەوانەوەم =ماڵەوەم= جا خۆم شۆرد =غوسلی جەنابەم کرد= پاشان هاتمەوە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە ئەو دانیشتبوو جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : لە کێ بووی ئەی ابا هريرة منیش پێم ووت جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی سبحان الله بە تەئکید بڕوادار پیس نابێ ) ئەوە لەفزی بوخاریە وە موسلیم بەو مەعنایە ڕیوایەت ئەکاو ئەم زیادەشی گێڕاوەتەوە لە پاش ئەوەی ابو هریرە ووتی پێم ووت : تۆ پێم گەیشتی منیش جەنابەتم لە سەر بوو پێم ناخۆش بوو لە گەڵت دانیشم تا غوسل دەرنەکەم ) وە بوخاریش وای گێڕاوەتەوە لە ڕیوایەتێکی تر .

لەو فەرموودە بۆمان دەر ئەکەوێ کەبڕوادار پیس نابێ ئەگەر جەنابەتیشی لە سەر بێ بە عەکسی موشریك کە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾ التوبة ٢٨ یانی موشریك پیسن پیسیەکی مەعنەوی بێگومان مەبەستە لەو ئایەتە وە ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم مەبەستی چیە لەو فەرموودە کە ئەفەرموێ : ( لا يمس القرآن إلا طاهر ) صحيح الجامع ٧٧٨٠ واتە : ( دەست

نانداته قورئان ئیللا ئەوەی پاك نەبێ ) لەو فەرموودە مەبەست لە پاك بڕوادارە چونكە بۆمان دەركەوت لە فەرموودەی پێشتر بڕوادار پاكە پیس نابێ نە بەجەنابەت و نە بە حەیزو نیفاس وە ئەوەی زیاتر تەئكیدمان دەكا ئەو فەرموودەی تری پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم كە ابن عمر رضي الله عنهم ئەفەرموێ : ( نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم أن يسافر بالقرآن إلى أرض العدو ) متفق علیه واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی كرد لەوەی قورئان ببری بۆ سەفەر بۆ ناو زەوی دوژمن ) وە لە ڕیوایەتەكی موسلیم وا هاتووە : ( لا تسافروا بالقرآن فإني لا آمن أن يناله العدو ) واتە : ( سەفەر بە قورئان مەكەن چونكە من لەوە ئەمین نیم كە دوژمن دەستیان نەگاتێ ) یانی موشریكەكان نابێ قورئان بخرێتە دەستیان والله اعلم بەهەر حاڵ بڕوادار پاكەو لە هەموو كاتێك ئەتوانێ دەست بداتە قورئان و بیخوێنێتەوە وە ئەو ئایەتەش كە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ﴾ الواقعة ٧٩ مەبەست پێی لەوحی مەحفوزە كە تەنها مەلائیكەت دەستیان ئەگاتێ نەك مەبەست قورئان بێ ئەگەر مەبەستیش قورئان بێ بڕوادار پیس نیە وەك بۆمان دەركەوت لەو فەرموودەی متفق علیه بوو وە بۆ تەفسیری ئەو ئایەتە بگەڕێنەوە سەر تەفسیری طبري بۆتان دەر ئەكەوێ كە مەبەست پێی دەست نوێژ و غوسل نیە بەڵكو مەبەست پێی پاكیە لە تاوان والله اعلم كە مەلائیكەت وە پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام .

## ( ٥٥ ) تاوانی ڕاكردن لە جیهاد

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (اجتنبوا السبع الموبقات قيل يا رسول الله وما هن قال الشرك بالله والسحر وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق وأكل مال اليتيم وأكل الربا والتولي يوم الزحف وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات) رواه البخاري ومسلم واتە : ( خۆتان بپارێزن و دوور كەونەوەو پشت بكەنە ئەو حەوت تاوانەی كە خاوەنەكەی بە هیلاك ئەبات ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەمانە كام تاوانن ؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە سیحر وە كوشتنی نەفسێك كە خوا حەرامی كردووە تەنها بە حەق نەبێ وە خواردنی ماڵی یەتیم وە خواردنی ڕیبا وە ڕاكردن لە ڕۆژێك كە بەرامبەری دوژمنانی ئیسلامی لە جیهاد وە بوختان كردن بۆ ئەو ئافرەتانەی داوێن پاكن و بێ ئاگان و بڕوادارن ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( يا أيها الناس لا تتمنوا لقاء العدو واسألوا الله العافية فإذا لقيتم فاصبروا واعلموا أن الجنة تحت ظلال السيوف ) متفق علیه واتە : ( ئەی خەڵكینە تەمەننای بەرامبەر بوونەوە مەكەن لەگەڵ دوژمن وە داوای سەلامەتی لەخوا بكەن وە ئەگەر بەرامبەری دوژمن بوونەوە ئارام بگرن وە بزانن بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەكانە ) .

ئەوەی لەم فەرموودانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕاکردن لە کاتی جیهاد لەتاوانە گەورەکانە وە نابێ موسڵمان تەمەننای ئەوە بکا بەرامبەر دوژمن بێتەوە وە ئەگەر بەرامبەر بویەوە ئەبێ ئارام بگرێ نەك ڕابکات! دیارە ئێمە بە حیزبیەکان ئەڵێین ئەگەر ئەوەی ئێوە دەتانکرد و بانگەشەتان دەکرد جیهاد نەبوو ئیتر بۆ کە دەمان ووت ئەمە جیهاد نیەو شەرعی نیە بە عەمیل و مونافیقتان لەقەڵەم ئەدایین! ؟ وە ئەگەر ڕاست دەکەن جیهاد بوو ئەرێ بۆچی ڕاتان کردو چەکتان تەسمیل (تسليم) کرد! ؟

**( ٥٦ ) باسی وەسوەسە**

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الله تجاوز لأمتي عما توسوس به صدورهم ما لم تعمل أو تتكلم به و ما استكرهوا عليه ) صحيح الجامع ١٧٢٩ . واتە : ( خوا ئوممەتی منی عەفو کردووە لەوەی کە لە سینگیان _دڵیان_ دادێ لە وەسوەسە مادام کردەوەی پێ نەکا یان بە زمان قسەی پێ نەکا وە لەوەش عەفوی کردون کە بە دەست خۆیان نەبێ و بەزۆر پێیان بکرێ ) .

وە هاتوە لە ابو هريرة خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( جاء ناس من اصحاب النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم فسالوه : انا نجد في انفسنا ما يتعاظم احدنا ان يتكلم به . قال : وقد وجدتموه ؟ قالوا : نعم قال : قال ذاك صريح الايمان ) رواه مسلم واتە : ( خەڵکێك هاتن لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلى اله وسلم پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم وتیان : ئێمە لە نەفسی خۆمان شتی وا ئەبینین کە بە شتێکی گەورەی ئەزانین هەر یەك لە ئێمە کە قسەی پێ بکەین _بە زمان دەری ببڕین_ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم فەرموی : جا ئەوەتان بینیە _هاتۆتە سەرتان_ ؟ وتیان : بەڵێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم فەرموی : ئەوە صەریحی ئیمانە _خالسی حەقیقەتی ئیمانە وەك بڵێی شیرێکی یان زێڕێکی خالس صەریحی ئیمان مەبەست پێی ئیمانی خالسە_ ) . لەو فەرمودە بۆمان دەر ئەکەوێ کە شەیتان وەسوەسە ئەکا بۆ خوا پەرستان و دژایەتیان ئەکات بەڵام ئەوە نیشانەی ئیمانە کە کەسێك ئەم وەسوەسەی بۆ بێت و بە قسەی شەیتان نەکاو نەیکا بە قسەو بە کردەوە بەڵکو ڕقی لێبێت جا برای ئازیزم سوپاسی خوا بکەو بەردەوام بە لە سەر خوا پەرستیت و بزانە ئەم وەسوەسەیە کە بۆت دێ و تۆش بەرەنگاری ئەکەیتەوەو پێت خۆش نیە ئەوە نیشانەی ئیمانە وە شەیتان دژایەتی ئەهلی ئیمان ئەکا خۆ ئەوەی ئیمانی نەبێ شەیتان وەسوەسەی چی بۆ بکا !

**( ٥٧ ) هێنانی ژنی لە خوا ترس یارمەتیت ئەدا لەنیوەی دین**

پێغەمبەر صلی الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (إذا تزوج العبد فقد استكمل نصف الدين فليتق الله فيما بقي ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ( رقم: ٦٢٥ ) واتە : ( ئەگەر بەندەیەك ژن بێنێ ئەوە نیوەی دینی تەواوکردووە با تەقوای خوا بکا لەو بەشەی ماوە ) وە ئەفەرموێ : ( من رزقه الله امرأة صالحة فقد أعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي ) صحيح الترغيب والترهيب : ( رقم: ١٩١٦ ) واتە : ( کەسێك خوا

ئافرەتێکی چاکی _لە خوا ترس_ پێ ببەخشی ئەوە یارمەتی داوە لە نیوەی دینەکەی با تەقوای خوا بکا لەو نیوەی کە ماوە).

سەرنجی فەرموودەی دووەم بدەن کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ ئافرەتی چاك یانی ئەگەر چاك نەبێ ئەوە نیوەی دین نیە والله اعلم ئومێد دەکەم لەخوا و داوای لێ ئەکەم ئێمەش و منالّ و خێزانمان بخاتە سەر ڕێگای ڕاست.

## ( ٥٨ ) تاوانی ئارەق =خمر= خواردنەوە و بڕوا بوون بە سیحر و فالّچیان و تاوانی ئەزیەت دانی دایك و باوك

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين ليلة ) رواه مسلم واتە : ( ئەوەی بچێتە لای فالّ گرەوەیەك و پرسیاری لێبکا لە شتێك ئەوە چل شەو نوێژی قبولّ نابێ ) .

لەم فەرموودە بۆمان دەرکەوت تەنها بڕۆی پرسیار بکەی لە فالّ گرەوە بێ ئەوەی بڕواش بکەی ئەو تاوانە گەورەیەیە بەلاّم پرسیار بکەی بڕواشی پێ بکەی تاوانەکە گەورەترە وەك لە فەرموودەی داهاتوو هاتووە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أتى كاهنا فصدقه بما قال فقد كفر بما أنزل على محمد) صحيح الترغيب والترهيب ٣٠٤٤ واتە : ( ئەوەی بچێتە لای فالّ گرەوەك=لەوانەی بانگەشەی زانینی غەیب و موستەقبەل ئەکەن= وە بڕوای پێبکا بەوەی دەیلّێ ئەوە کوفری کردووە بەوەی لە سەر محمد صلی الله علیه وعلی اله وسلم دابەزیوە ) .

بۆمان دەرکەوت لەو فەرموودە کە بڕوا بوون بە فالّچیان چەندە تاوانێکی گەورەیە کەفرە بەوەی دابەزیوە بۆ محمد صلی الله علیه وعلی اله وسلم کە قورئانە چونکە هاتووە لە قورئانا خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ ٦٥ النمل واتە : (کەس لە ئاسمانەکان و زەوی غەیب نازانن تەنها الله نەبێ وە ئەوان نازانن کەی زیندوو ئەکرێنەوە) کەوابێ ئەوەی بڕوای بێ کەسێك غەیب ئەزانێ کوفر ئەکات بە قورئان و بەدرۆی ئەخاتەوە .

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من اقتبس علما من النجوم اقتبس شعبة من السحر زاد ما زاد ) صحيح الترغيب والترهيب ٣٠٥١ واتە : ( ئەوەی علمێك وەرگرێو فێربێ لە ئەستێرەکان ئەوە بەشێك لە سیحری وەرگرتووەو فێر بووە ئەوەندەی زیاتر علمی ئەستێرە فێر بێو وەربگرێ ئەوە سیحری زیاتر وەرگرتووەو فێر بووە ) .

علمی ئەستێرە لێرە ئەوە مەبەستە کە کەسانێکی فالّ گرەوە بانگەشەی ئەکەن بە ڕێگای ئەستێرەکان گوایە دەزانن لە داهاتوو چی ڕوو ئەدات ئەوە درۆیەکی شاخدارە ئەستێرە بۆ ئەوەی نیە کە خەڵك بیکاتە نیشانەی

غەیب زانین لە غەیری خوا کەس غەیب نازانێ ئەوەی بانگەشەی زانینی غەیب بکات کوفر بەخوا دەکات ئەم باسانە لە شەرحی کتاب التوحید زیاتر ڕوون ئەکەمەوە بە پشتیوانی خوا بەڵام شتێك هەیە لێرە گرنگە ئاگاداری خەڵك بکەینەوە کە کەسانێك خۆیان فێری سحر دەکەن بە حیسابی ئەوەی دەیانەوێ سیحر بەتاڵ بکەنەوە نەك سیحر بکەن یان دەڵێن دەمانەوێ خۆ لە سیحر بپارێزین! فەرموودەیەکی هەڵبەستراو ئەکەنە بەڵگە کە گوایە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموویەتی : ( تعلموا السحر ولا تعملوا به ) بەڵام ئەمە فەرموودەی پێغەمبەری خوا نیە صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە هیچ ئەسڵی نیە شتێکی بێ بنەمایە! وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا یدخل الجنة مدمن خمر و لا مؤمن بسحر و لا قاطع رحم ) سلسلة الاحادیث الصحیحة ٦٧٨ واتە : ( ناچێتە بەهەشتەوە کەسی مودمین لەسەر خەمر=مەشروبی سەرخۆشکەر= وە ناچێتە بەهەشتەوە کەسی بڕوای بە سیحر هەبێ وە ناچێتە بەهەشتەوە کەسێ رەحم =خزمایەتی= پچڕاندبێ ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( ثلاثة لا ینظر الله إلیهم یوم القیامة : العاق لوالدیه و مدمن الخمر و المنان عطاءه ، و ثلاثة لا یدخلون الجنة : العاق لوالدیه و الدیوث و الرجلة ) سلسلة الاحادیث الصحیحة ١٣٩٧ واتە : ( سێ جۆر کەس هەن خوا سەیریان ناکات لە ڕۆژی قیامەت : کەسێ کە ئەزیەتی دایك و باوکی دابێ و بە قسەیان نەکات وە کەسیچ مودمینی خەمرە وە کەسێ منەت ئەکا لەسەر ئەوەی دەیبەخشێ ، وە سێ جۆر کەس ناچنە بەهەشتەوە : ئەوەی ئەزێتی دایك و باوکی بدات و بەقسەیان نەکات وە کەسێ بێدەنگی بکا لە فاحیشە لە ماڵەکەی وە ئافرەتێ خۆی بچوێنێ بە پیاو ) .


لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوویبوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com